خوای گەورە لە ئەنساڕ، ومندالّەکانی ئەنساڕ، ومندالّی مندالّەکانی ئەنساڕ خۆش بە

لە زەیدی کوڕی ئەڕقەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «»خوای گەورە لە ئەنساڕ، ومندالّەکانی ئەنساڕ، ومندالّی مندالّەکانی ئەنساڕ خۆش بە.
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزا دەکات بۆ ئەنساڕەکان -پشتیوانان- کە خەڵکی مەدینە بوون وناونران بە پشتیوانان -ئەنساڕەکان- چونکە بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی موهاجیرینەکانی -کۆچکارەکانی- مەککەیان کرد لە باوەڕداران، نزای بۆیان کرد بەوەی خوای گەورە لە ئەوان ولە مندالّەکانیان ولە مندالّی مندالّەکانیان خۆش بێت، وئەم فەرموودەیە فەزڵ وپلەپایەی ئەوان ونەوەکانیان دەردەخات لە پاش خۆیان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11152